# كوورتەیەك دەربارەی ئیعتكاف كردن و شـەوی قەدر

[ بە كوردی ]

مختصر مفيد عن الاعتكاف

[ باللغة الكوردية ]

نوسـینی : حاجی ئومێد چروسـتانی

المؤلف : حاج أوميد جروسـتاني

پێداچونەوەی: پشـتیوان سـابیر عەزیز

المراجعة: بشـتيوان صابر عزيز

نوسـینگەی ( ڕەبوەی ) هەرەوەزیی بۆ بانگەواز و وشـیاركردنەوەی
ڕەوەندەكان لە شـاری ڕیاز

المكتب التعاوني للدعوة وتوعية الجاليات بالربوة بمدينة الرياض

**2008 -1429**

islamhouse.com

# كوورتەيەك دەربارەی ئیعتكاف كردن و شەوی قەدر

سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورەو میهرەبان و بەدەسەڵات و درود و ڕەحمەتی فراوانیش بۆ سەر پێشەوای مرۆڤایەتی موحەمەد المصطفی و هاوەڵ و شوێنكەوتوانی هەتا هەتایە.

خوشك و برایانی بەڕێزو خۆشەویستم لەووتاری ئەمجارەدا دەمەوێت كوورتەیەكتان پێشكەش بكەم دەربارەی (الاعتكاف) و مانەوەلەمزگەوتدا بەمەبەستی خوا پەرستی .

پێناسەی ئیعتكاف كردن :

الاعتكاف : لەزمانەوانیدا بەواتی بەند كردن و نەهیشتن دێت هەروەك چۆن پەروەدگار دەفەرموێت : ( وَالْهَدْيَ مَعْكُوفاً أَنْ يَبْلُغَ مَحِلَّهُ) (الفتح: ئایە تي 25)

واتە : نەیانهێشت قوربانیەكان بگەنەشوێنی خۆیان ( لەحودەیبیەدا ) .وەكاتێك دەوەترێت ( عكفته عن حاجته : واتە بەرگریم لێ كرد لەپێویستی یەكەی و نەمهێشت )

هەروەها ( اعتكاف ) بەواتایەكی تریش دێت ئەویش واتای : بەیەكەوەببون و بەردەوام بوون لەگەڵ شتێكدا و دانەپران لێ ی ، هــەروەك پەروەردگار دەفــــەرموێت : ( ولا تباشروهن وأنتم عاكفون في المساجد ) (البقرة/١٨٨) ( واتە : لەگەڵ خێزانەكانتانا كۆ مەبنەوەو بەردەوام مەبن لەگەڵیاندا كاتێك ئێوەلەمزگەوتدا مابنەوەبەمەبەستی خوا پەرستی ، جا كەواتە ( اعتكاف ) بەواتای بەردوام بوون و بەیەكەوەبونیش دێت .

لەئیصطلاحی فقهی ئیسلامیشدا ( اعتكاف ) بەواتای : مانەوەلەمزگەوت و ماڵەكانی خوای گەورە دێت بەمەبەستی خوا پەرستی لەكاتێكی دیاری كراودا .

حیكمەتی ( اعتكاف ) كردن چی یە ؟

حیكمەتی ئەم ئیعتكاف كردنەئەوەیەمرۆڤی موسڵمان دڵ و دەروونی بۆ ماوەیەك پاك بكاتەوەلەژەنگ و ژاری دونیا و بەردەوام بوون لەتاوان و پەشیمان بونەوەلە

گوناهـانەی کەبەهۆی سـەرقاڵی دونیاوەتوشـیان دێت ، و جارێکی تر ئەو کەسـەپەیمان لەگەڵ خودادا نوێ بکاتەوەو چونکەزۆر سـەرقاڵی بەدونیاوەمرۆڤ وا لێ دەکات قیامەت و دوا ڕۆژی بیر نەمێنێت ، بەڵام کاتێك ئەو بەندەی خودایەنیەتی ( اعتکاف ) دێنێت خۆی پابەند دەکات بەنوێ کردنەوەی بەڵێن و پەیمان بەسـتن لەگەڵ پەروەردگاردا، بەمەبەسـتی بەدەسـتهێنانی ڕەزامەندی ئەو زاتەپیرۆزە.

بەڵگەو دەلیلی مەشروعیەتی ئەم کارەلەئیسـلامدا :

بەڵگەو دەلیلەکان زۆرن لەسـەر مەشـروعیەتی ئیعتکاف لەقورئان و سـوننەتی پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) و کۆ دەنگی زانایانی ئیسـلام .

١ - لەقورئانی پیرۆز : خوای گەورەدەفەرموێت : ( وعهدنا إلى إبراهيم وإسماعيل أن طهرا بيتي للطائفين والعاكفين والركع السجود ) (البقرة/ ئایەتی ١٢٥ ) واتە : پەیمان و بەڵێنمان وەرگرت لەئیبراهیم و ئیسـماعیل کەماڵەکەی من _ واتە حەرەمی مەککە_ پاك بکەنەوەبۆ ئەو کەسـانەی تەواف دەکەن و تیایدا دەمێننەوەبەمەبەسـتی خوا پەرسـتی و هەروەها بۆکەسـانی سـوژدەبەر بۆ خودا .

لەجێگایەکی تردا دەفەرموێت : ( ولا تبــاشروهن وأنتــم عاكفون في المساجد ) ( البقرەئایەتی : ١٨٨ ) واتە : لەگەڵ خێزانەکانتانا کۆ مەبنەوەلەکاتێکدا ئێوەلەمزگەوت و ماڵەکانی خودادا بەمەسـتی خوا پەرسـتی ماونەتەوە، گومانی تێدا نی یەلەبەر ئەوەی کەووشـەی ( ئیعتکاف ) دراوەتەپاڵ مزگەوت مەبەسـت پێ ی نزیك بونەوەیە لە خوای گەورەوە چونکە مزگەوت جێگایەکە تایبەتە بەخوا پەرسـتی .ئەمەش بەڵگەیەلەسـەر مەشـروعیەتی ئیعتکاف کردن .

٢ - لەسـوننەتی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) : عائیشـەی دایکی موسـڵمانان ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەفەرموێت : " كان رسول الله صلى الله عليه وسلم يعتكف العشر الأواخر حتى توفاه الله ، ثم اعتكف أزواجه من بعده " ئەم فەرمودەیەئیمامی بوخاری و موسـلیم ڕیوایەتی کردوە، واتە : پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) دەشـەوی کۆتای مانگی ڕەمەزان لەمزگەوتدا دەمایەوەبۆ خوا پەرسـتی تا ئەو ڕۆژەی وەفاتی کرد ، لەدوای خۆیشـی خێزانەکانی ئەم ئیعتکافەیان دەکرد ، ئەمەش بەڵگەیەلەسـەر مەشـروعیەتی ئیعتکاف کردن .

٣-کۆدەنگی زانایانی ئیسـلام : هەر یەك لەابن المنذر و ئیمامی نەوەوی و ابن القدامەو شێخ الاسلام ابن تیمیەو قورطبی و ابی هبیرەو زەرکەشـی و ابم رشد کۆدەنگی زانایانی ئیسـلامیان نقڵ کردوەلەسـەر مەشـرەعیەتی ئیعتکاف کردن و خۆ داپرین و مانەوەلەمزگەوتدا بەمەبەسـتی بەندایەتی کردن و خوا پەرسـتی کردن .

حوکمی ئیعکتاف کردن چی یە ؟

حوكمی ئیعتكاف كردن بۆ پیاوان: وەك لەسەرەوەئاماژەمان پێدا ئیعتكاف كردن بۆ پیاوان سونەتەو لەوەبارەیەشەوەبەبەڵگەو دەلیلی قورئانی پیرۆزو سونەتی سەحیحی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) و كۆدەنگی زانایانی ئیسلام ڕوونمان كردەوە، تەنها ئەوەنەبێت هەندێك لەمالیكی یەكان پێیان وایەئیعتكاف كردن مەكروهەئەمەش بەبەڵگەو بیانوی ئەوەی گوایەسەردەكێشێت بۆ گۆشەگیری و دووركەوتنەوەلەخەڵكی و تێكەڵاونەكردنیان، بەووتەی ئەوان ئەمەش قەدەغەی لێ كراوەلەئیسلامدا ، لەم بارەیەشەوەئیمامی مالك خۆی دەڵێت : ( ما رأيت صحابياً اعتكف ) واتە: یەكێك لەهاوەڵەكانی پێغەمبەرم نەبینیوەكەئیعتكافی كردبێت ، هەروەها دەڵێت : نەمبیستوەو پێم نەگەشتوەكە كەسێك ئیعتكافی كردبێت جگەلەئەبو بەكری كوری عەبدورەحمان نەبێت .

ابن الحجری حافظ ی زانای پایەبەرزیش دەڵێت : پێ دەچێت مالكی یەكان شوەیەكی تایبەتیان لەئیعتكاف مەبەست بێت ، ئەگینا ئاماژەمان بەزۆرێك لەهاوەڵە بەڕێزەكان كردوەكەئیعتكاف یان كردوە.

ئیعتكاف كردن بۆ ئافرەتان : لەم بارەیەوەزانایان ڕاو بۆچوونی جیاوازیان هەیەو ڕاست تر و دروسترین بۆچوویش ڕای زۆرینەی زانایانی ئیسلامە( جمهور العلماء ) كەدەڵێن ئیعتكاف كردن بۆ ئافرەتانیش وەك پیاوان سونەتەئەویش بەم بەڵگانە:

١-بەو بەڵگەو دەلیلەگشت گیرانەی كەباس لەمەشروعیەتی ئیعتكاف دەكەن بەبێ ئەوەی جیاوازی خستبێتەنێوان پیاو و ژنەوە .

2- خوای گەورەدەربارەی مەریەمی دایكی عیسى پێغەمبەر(عليهما السلام) دەفەرموێت: ( كلما دخل عليها زكريا المحراب وجد عندها رزقاً ، قال أنى لك ِهذا ؟ قالت : هو من عند الله ) ( المريم : ئایەتی ) واتە : هەركاتێك حەزرەتی زەكەریا بچوبایەتە ژوورەوە بۆلای مەریەم لەمحرابی پەرستگاكەدا رزق و ڕۆزی دەبینی كەبۆی هاتبوو ، پێ ی دەوت ئەمەت لەكوێ بوو ؟ ئەویش لەوەڵامدا دەیووت : لەلایەن خوداوەبۆم هاتووە.

ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ڕاستی و دروستی مانەوەی ئافرەت لەمزگوتدا بەمەبەستی خوا پەرستی ، گومانی تێدا نی یە شەریعەتی ئومەتەكانی پێش ئیسلام شەریعەتیشن بۆ ئێمەش ، بەمەرجێك لەئیسلامدا حوكمەكانیان نەسڕابێتەوە( نەسخ نەبوو بنەوە) .

٣ - لەفەرمووودەیەكدا هاتووە كە عائیشەی دایكی موسڵمانان( خوای لێ ڕازی بێت ) ئەیگێڕێتەوەو تیایدا هاتوە"إذنه صلى الله عليه وسلم لها ولحفصة رضي الله عنهما أن يعتكفا معه " ئەم فەرمووودەیەش ئیمامی بوخاری و موسلیم ڕیوایەتیان كردووە،واتە: پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) مۆڵەتی داوەبەعائشەوحەفصەی خیزانی كەلەگەڵ خۆیدا ئیعتكاف بكەن .

٤-فەرموودەیەکی تر ئەویش عائشە( خوای لێ ڕازای بێت ) دەگێڕێتەوە"کن المعتكفات إذا حضن أمر رسول الله صلى الله عليه وسلم بإخراجهن من المسجد حتى يطهرن " واتە : ئەو ئافرەتانەی ئیعتکافیان دەکرد لەمزگەوتدا کاتێك بکەوتنایەتەحەیزەوەپێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمانی پێ دەکردن کەمزگەوت بەجێ بهێڵن تا ئەو کاتەی پاك دەبنەوە" .

ئەم فەرموودەیەش ابن القدامەی مەقدیسی لەکتابی المغنی ج٤/ لاپەڕە٤٨٧ دا بەفەرمودەیەکی بەهێزی داناوە، هەروەها ابن المفلح یش لەکتابی الفروع ج٣/لاپەڕە١٧٦دا بەفەرمودەیەکی باشی داناوە، ابن البطە ش ئەڵێت سەنەدی ئەم فەرمودەیەسەنەدێکی باشە.

کەواتەئەم بەڵگانەی کەباسکرا ئەو ڕایەی بەهێز دەکەن کەڕای جمهوری زانایانەبەوەی ئافرەتان دەتوانن لەمزگەوتدا ئیعتکاف بکەن و بمێننەوەبەمەبەستی خوا پەرستی و یادی خودا .

ئایا حوکمی ئیعتکاف کردن جگەلەمانگی ڕەمەزان و دەشەوی کۆتایی چی یە؟

زانایانی ئیسلام لەم بارەیەوەبۆچوونی جیاوازیان هەیە، بەڵام ڕای دروست و ڕاستیان ئەوەیەکەجمهوری زانایان لەسەرینی ، ئەویش ئەوەیەکەلەغەیری ڕەمەزانیشدا سوننەتەئیعتکاف کردن لەمزگەوتدا و مانەوەبەمەبەستی خوا پەرستی ، ئەویش بەم بەڵگانەی کەباسیان دەکەین :

١ - ئەو بەڵگەو دەلیلانەی کەباس لەئیعتکاف کردن دەکەن کۆمەڵەبەڵگەیەکی گشت گیر ( عام ) ن لەبەر ئەوەڕەمەزان و غەیری ڕەمەزانیش دەگرێتەوە.

٢ - فەرموودەیەك کەدایکی موسڵمانان عائشە( خوای لێ ڕازی بێت ) دەگێڕێتەوەکەدەفەرموێت : " كان رسول الله صلى الله عليه وسلم إذا أراد أن يعتكف صلى الفجر ثم دخل معتكفه ... وترك الاعتكاف في رمضان حتى اعتكف العشر الأواخر من شوال " ئەم فەرموودەیەش ئیمامی بوخـــاری موسلیم ڕیوایەتیان کردووە، واتـــە :

پێغەمبـەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) هەر کاتێك بویستایەئیعتکاف بکات ئەوا نوێژی بەیانی ( فجر ) ی دەکرد و پاشن دەچوویەئەو جێگایەی کەئیعتکافی تیادا دەکر ، _ واتەمزگەوت- ساڵێکیشیان لەڕەمەزاندا ئیعتکافی نەکرد و پاشان لەدەڕۆژی کۆتایی مانگی شەوالدا ئیعتکافەکەی کردەوە، ئەمەش بەڵگەیەلەسەر ئەوەی کەپێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) جگەلەڕەمەزانیش ئیعتکافی کردوە.

٣ - حديث ابن عمر رضي الله عنهما أن عمر رضي الله عنه سأل النبي صلى الله عليه وسلم قال : كنت نذرت في الجاهلية أن أعتكف ليلة في المسجد الحرام ؟ قال (

فأوفِ بنذرك )واته: عەبدوڵڵای کوی عومەر دەگێڕێتەوەکەباوکی واته عومەری کوری خــەتاب ( خوایان لیٚ ڕازی بێت ) پرسیاری کرد لەپێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ووتی : من لەسەردەمی نەفامیدا ( جاهلى ) نەزرو بەڵێنم کردبوو کەشەوێك لەشـــەوەکان له( مسجد الحرام ) دا ئیعتکاف بکەم ، پێغەمبەری خوا ش ( صلڕى الله عليه وسلم ) لەوەڵامدا ووتی : وەفا بکەبەنەذرەکەت و بەجیٚ ی بهێنه

ئەمەش بەڵگەیەلەسەر ئەوەی کەدرەستەلەڕەمەزان و جگەلەڕەمەزانیش ئیعتکاف بکەیت .

٤ - حديث أبي هريرة رضي الله عنها قال : ( كان النبي صلى الله عليه وسلم يعتكف في كل رمضان عشرة أيام فلما كان العام الذي قبض فيه اعتكف عشرين يوماً ) بوخاری ئەم فەرموودەیەی ڕیوایەت کردووە، واته : پێغەمبەری خوا ( صلى اله عليه وسلم ) هەموو ڕەمەزانێك دەشەو - واته دەشەوی کۆتایی _ ئیعتکافی دەکرد ، بەڵام ئەو ساڵەی کەوەفاتی کرد بیست ڕۆژ ئیعتکافی کرد ) ئەمەش بەڵگەیەلەسەر ئەوەی ئیعتکاف کردن تایبەت تی یە تەنها ەدەشەوی کۆتایی ڕەمەزانەوەوەك هەندێك کەس باوەڕیان وایە.

کەواته ئەی خوشك  برایانی بەڕێزو خۆشەویست ئیشتا کاتی ئەوە هاتوەهەندێك باسی ئیعتکاف و زیندوەکردنەوەی ( ١٠ دەشەوی کۆتای مانگی ڕمەزان بکەین کەناسراوەبەلیالی القدر ) .

ئەم شەوەبەڕێزیەکەی لەوەدایەکەخوای گەوەرەخۆی بەشەوی ڕێزو و قەدر ناوی بردوەهەروەك دەفەرموێت : ( إنا أنزلناه في ليلة القدر، وما أدراك ما ليلة القدر، ليلة القدر خير من ألف شهر، ١تنزل الملائكة والروح فيها بإذن ربهم من كل أمر سلام هي حتى مطلع الفجر ) ( القدر / ئایەتی ١ - ٥) واته : بێگومـــان ئێمەقورئانمان ناردەخـــــوارەوەلەشەویەبەرز وبەڕێزدا ، ئــەی ( محمد ) تۆ چوزانیت شەوی بەرزو بەڕێز چی یە، شەوی بەرز و بەڕێز جاکتر و خێری زیاترەلەهەزار مانگ ، لەو شەوەدا فریشتەکان لەگەڵ جوبرەئیلدا دێنەخوارەوەن بەفەرمانی پەروەردگاریان لەهەموو کارو بارێکدا ، ئەو شەوەشەوی ئاشتی و سەلام دەبێت تا هەڵهاتنی سپێدەو شەبەقی بەیان .

بەم شێوەیەزانیمان ئەم شەوەپەروەردگاری باڵادەست ناوی هێناوەبەشەوی بەرزو بەڕێز ، شەوێکیش خالقی ئەرزو ئاسمان و هەموو بونەوەر بەبەرزو بەرێز ناوی بهێنێت ئەبێت چ پاداشتێکیشی ئامادەکردبێت بۆ ئەو کەسانەی کەئەم شەوەزیندوو دەکەنەوە!! .

بەرزو بەڕێزی ئەم شەوەش لەوەدایەخوای گەورەقورئانی پیرۆزی له( لوح المحفوظ ) وەبەیەکجار ناردەخوارەوەبۆ ئاسمانی دونیا ( البيت المعمور ) لەوێشەوەپەروەردگار

فریشتەی تایبەتی وەحی جوبرەئیلی ڕاسپارد کەکەم کەم و هێواش هێواش بەو شێوەیەی بۆی دیاری کردبوو بیهێنێت بۆ پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) .

ڕاستە بە وەفاتی پێغەمبەری خوا وەحی بچڕاو وکۆتای هات بەڵام فریشتەکان لەگەڵ جوبرەئیل دا ئەم شەوە زیندوو دەکەنەوەو یادی دەکەنەوە چونکە شەوی دابەزینی قورئانی پیرۆزە.

جا خوشك وبرایانی بەڕێزم پێویستەئەم هەلەگەورەیە لەدەست خۆمان نەدەین ،شەوانی کۆتای ئەم مانگەپیرۆزە بەقورئان خوێندن و یادی خودا و شەو نوێژ و دوور لەبدعەو خورافیات زیندوو بکەینەوە، بەو شێوەیەی سەرداری پێغەمبەران محمد المصطفی زیندووی کردوەتەوەن دایکی موسڵمانان لەم بارەیەوەدەفەرموێت : " إذا دخل العشر شدّ مئزره، وأحيا ليله، وأيقظ أهله" واتە : کاتێك کەدەشەوی کۆتای ڕەمەزان دەهات پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) خۆی حازر دەکرد و شەوەکانی زیندوو دەکردەوەبەخوا پەرستی و خێزانەکانیشی بەخەبەر دەهێنا _ واتە بۆ زیندوو کردنەوەی ئەم شەوانە.

ئەمەحاڵی کەسێکەکەپەروەردگار لەگوناهی پێش و پاشیخۆش بوە، ئەی دەبێت ئێمەحاڵمان چۆن بێت لەکاتێکدا سەرجەممان لەگوناهی خۆماندا غەرق بوین، ساڵ دوانزەی مانگ هەڵپەدەکەین و خەریکین بەدەم دونیاوە، ئەبێت بیر بکەینەوەو بەم دەشەوەقەرەبووی هەموو تاوانەکانمان بکەینەوەتاوەکو خوای گەورەبەیارمەتی خۆی لەگوناهەکانمان خۆش بێت و بمانخاتەبەر ڕەحمەتی پاکی خۆی و بەیەکێکمان بگێڕێت لەوانەی کەلەم مانگەدا لێیان خۆش دەبێت ئینشا الله .

زانایانیش لەبارەی ئەو شەوەپیرۆزەوەڕاو بۆچوونی جیاوازیان هەیە، ئایا کام شەو لەم دەشەوەی کۆتایی مانگی ڕەمەزان بەر ئەو شەوەدەکەوێت ؟

ڕای جمهوری زانایان ئەوەیەمرۆڤی موسڵمان لەشەوەتاکەکاندا بگەڕێت بۆ بەدەستهێنانی ئەم خێرەزۆرەی کەپەروەردگار بەڵێنی داوەبەبەندەکانی ، واتە شەوانی ( ٢١ و ٢٣ و ٢٥ و ٢٧ و ٢٩ ) لەم بارەیەشەوەعائشە( خوای لێ ڕازی بێت ) فەرمودەیەك دەگێڕێتەوەکەبوخاری و موسلیم ڕیوایەتیان کردوە،تیایدا هاتووە، أن النبي صلى الله عليه وسلم قال : (تحروا ليلة القدر في الوتر من العشر الأواخر من رمضان ) واتە : بگەڕێن بەشوێن شەوی قەدردا لەشەوەتاکەکانی دەشەوی کۆتایدا .

زانایانش لەم بارەیوەدەڵێن : حیکمەتی نادیاری و نەناسراوی ئەو شەوەئەوەیە، کەمرۆڤی موسڵمان زیاتر بەندایەتی و پەرستنی خودا بکات ، چونکەئەگەر دیاری بکرایەکام شەوەیەئیتر خەڵکی تەنها ئەو شەوەیان زیندوو دەکردەوە.

زیندوو کردنـــەوەی ئەم شەوەش بەیاد و ذکـــری خودا پیویستەبەتایبەتـــی بەذکری ( اللهم انك عفو كريم تحب العفو فاعف عنى ) چونکەعائشەی دایکی

موسڵمانان پرسیاری کرد لەپێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) لەو شەوەدا چ ذکرێك بکەم ئەویش لەوەڵامدا فەرمووی زۆر ئەم ذکرەکەبکە( اللهم انك عفو كريم تحب العفو فاعف عنی ) ئەم فەرموودەیەش ئیمامی تورمذی ڕیوایەتی کردووە.

لەکۆتایدا داواکارم لەخوای گەورەلەگوناهی هەموو لایەکمان خۆش بێت و بمانخاتەبەر ڕەحمەت و کەرەمی خۆی و بمانگێڕێت لەو کەسانەی لەم مانگەپیرۆزەدا لێیان خۆش دەبێت ( آمیـــــــــــــــن ) .

وصلي اللهم وسلم على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم

سبحان ربك رب العزة عما يصفون وسلام على المرسلين والحمد لله رب العالمين

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته .